Diploma Programme
Programme du diplôme
Programa del Diploma

# Kurdish A: literature – Standard level – Paper 1
# Kurde A : littérature – Niveau moyen – Épreuve 1
# Kurdo A: literatura – Nivel medio – Prueba 1

Wednesday 10 May 2017 (afternoon)
Mercredi 10 mai 2017 (après-midi)
Miércoles 10 de mayo de 2017 (tarde)

1 hour 30 minutes / 1 heure 30 minutes / 1 hora 30 minutos

---

**Instructions to candidates**

- Do not open this examination paper until instructed to do so.
- Write a guided literary analysis on one passage only. In your answer you must address both of the guiding questions provided.
- The maximum mark for this examination paper is **[20 marks]**.

**Instructions destinées aux candidats**

- N'ouvrez pas cette épreuve avant d'y être autorisé(e).
- Rédigez une analyse littéraire dirigée d'un seul des passages. Les deux questions d'orientation fournies doivent être traitées dans votre réponse.
- Le nombre maximum de points pour cette épreuve d'examen est de **[20 points]**.

**Instrucciones para los alumnos**

- No abra esta prueba hasta que se lo autoricen.
- Escriba un análisis literario guiado sobre un solo pasaje. Debe abordar las dos preguntas de orientación en su respuesta.
- La puntuación máxima para esta prueba de examen es **[20 puntos]**.

2217 – 0575



© International Baccalaureate Organization 2017

International Baccalaureate
Baccalauréat International
Bachillerato Internacional

دەربارەی یەکێك لەمانەی خوارەوە بنووسە. وڵامی هەر دوو پرسیارەکە لە نووسینەکەتدا بگونجێنە.

**.1**

سەرگورد شمیرانی و قەرەنی ئاغا و کوڕە گەورەکەی ئاغا و ئەفسەرەکانی تر لە دەورەی یەکتری دانیشتوون وە هەر یەکەی کۆمایەکی پارەی کاغەز لە بەردەم خۆی وەخڕ کردووە و خەریکی پوکیر کردنن. قەرەنی ئاغا بەچاکی نەیدەتوانی ئەو ئیستلاحانەی کە لە پوکیردا بەکاردەهێندرێن بلێت و قسەکانی زۆر سەیر دەگوت. لەجیاتی (دوو پیر) دەیگوت (دو پەر)، لەجیاتی (فوول) – (فیل)، لەجیاتی (جیپ سەموار) – (جەو سەماوەر) و هی دیکە. جا ئەو قسانەی پڕبەزاری دەگوت و وای دەنواند کە گۆیا زمانی ئینگلیسیش دەزانێ.

ئەو مەنقەڵی و حوققە و ماشەیەی کە لە تەنیشت سەرگورد شمیرانی دانراوە دیمەنێکی تایبەتی داوە بە دیەوەخانەکە وە سەرگورد بۆ ئەوەی کە لە کاتی پوکیردا خەو نەیباتەوە چەسپێك تریاك دەکێشێ وە هەرجارەناجارێك قەرەنی ئاغاش چەسپێکی لێ دەدا و ئیشتیای چا دەکا و دەنەڕێنێ:

–کوڕە، کێ لەوێیە؟

نۆکەرەکان کە لە پێش خانە دانیشتبوون و گوێیان لە نەڕەی ئاغا بوو دەنگیان داوە:

–قوربان کێت دەوێ!

–چایی بێنن، چای!

–بەڵێ قوربان!

قەرەنی ئاغا و کوڕەکەی بەئانقەست و بۆ ئەوەی کە دڵی ئەفسەرەکان خۆش بکەن، هەرچی پارەیان لە بەردەمی بوو هەموویان دۆڕاند. قوماری پوکیر تەواوبوو. سەرۆکی ژاندارم و ئەفسەرەکانی تر تەواوی پارەکەیان لە گیرفان ئاخنی. کاتی نان خواردن بوو، قەرەنی ئاغا دیسان بەو دەنگە ناخۆشەی نەڕاندی:

– کێ لەوێیە؟ نانی بێنن، نان!

تاوێکی پێچوو نۆکەرەکان کە هەریەکەی مەجوعمەیەکی پڕ لە پڵاو و خۆرشت و ترشیات و ماستاوی لەسەر سەری دانابو وەژوورکەوتن و لە بەردەمی هەردووکەسەی مەجوعمەیەکیان دانا و دەستەونەزەر لەبەر دەرگای پێشخانەکە راوەستان. ئاغا و میوانەکان بەفڵچەفڵچ خەریکی خواردنن و بەو نیوەشەوە فڵچەی زاری ئاغا لەوسەری دیوەخان دەنگی دەداوە، وە پارووی وای لە پڵاوەکە دەدا کە هەر دەتگوت گورگە و کەلاکی مەڕی دۆزیوەتەوە. لەنێو قامکەکانییەوە چۆڕەچۆڕ رۆن دەڕژاوە نێو دەورییەکە و تەواوی لالچ و دەورووبەری سمێڵی لەبەر چەوری بریقەی دەدا. نۆکەرەکان کە بەدەستەونەزەرەوە راوەستاون چاویان بڕیوەتە زاری ئاغا و میوانەکان و لە چاویانرا ئەو قسانە دیارە: ”ئەی سندان خۆن، دە تەواوی کەن، شتێکیش بۆ ئێمە بهێڵنەوە. ئاخر جەمی ئێمە پاش بەرماوی ئێوەیە، خۆ ئاغاژن مەجوعمەی جیاواز بۆ ئێمە نانێری. دەك بە قوزەڵقۆرتتان بێ، تەواوی کەن! ... “

رەحیم قازی، رۆمانی پێشمەرگە (1981)

(ا) لەم دەقەدا نووسەر بەرامبەر بە قەرەنی ئاغا، سەرۆکی ژاندارم و ئەفسەرەکانی، وە هەروەها نۆکەرەکانی ئاغا چ هەڵوێستێکی هەیە؟

(ب) نووسەر چ تەکنیك یان شێوەگەلێکی بە کار هێناوە بۆ وێناکردنی ئەم کەسانە؟

2.

## بولبول

بولبول بولبول
لە ناو گوڵزار

ئە تۆ بۆ گوڵ
من بۆ نازدار

بگرین بە زار
بگرین بە کوڵ

من لە ژێر دار
تۆ لە سەر چڵ

تۆ بە دندووك و من بە دەم
بگرین بڕێژین ئەشکی چەم

بولبول بولبول
بگرین بەکوڵ

دندووك بچووکە
بولبولی جوان

ئەی ئێسك سووك
ئەی نەغمەخوان

تۆ بی یەزادان
بە نەغمەی خۆش

دڵی بریان،
بهێنە جۆش

تۆ بە باڵ و من بە خەیاڵ
ئەفرین بە سەر گوڵزار و یاڵ

ئەفڕین ئەگرین
ئەسرین ناسڕین

دڵزار، دیوانی دڵزار (1992)

(ا) باسی بکە کە ناوی ئەم شیعرە چ گرینگیەکی هەیە.

(ب) کێش و سەروا لەم پارچە شیعرەدا تاوتوێ بکە و بڵێ کە بۆ چ مەبەستێك بە کار هێنراوە.